


# دڵی تاریکی و تابلۆکەی کۆرتز

هاشم سەڕاج

«دڵی تاریکی» ڕۆمانێکی هێماگەری «جۆزیف کۆنراد ١٨٥٧-١٩٢٤»ە و «یاسین محەمەد» لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردی و کۆمەڵێک داتا و زانیاری وردی دەربارەی ژیان و بەرهەمەکانی کۆنراد خستووەتە ڕوو، لەگەڵ نووسینێکی «فرانکلین واڵکەر»یش لە بارەی دەقی «دڵی تاریکی» لەژێر ناوی «پێشەکی» وەرگێڕاوە و خۆیشی بابەتێکی وەک پاشبەند، بەنێوی «دڵی تاریکی» سەفەرێک بەنێو تاریکیی ناخی مرۆڤدا نووسیوە.

لەم خوێندنەوەیەدا سەرەتا هەوڵ دەدەم هەندێک زانیاری و بۆچوون و ڕوانین لە پێشەکی و پاشبەندەکە هەڵێنجم، دواتر ڕووەو جیهانی ئاڵۆسکاوی ڕۆمانی «دڵی تاریکی» بیمەوە.

جۆزیف کۆنراد نووسەرێکی ئینگلیزی بە ڕەگەز پۆڵەندییە، لە ساڵی ١٨٨٦ ڕەگەزنامەی بەریتانی وەرگرتووە، بەڵام هەمیشە خۆی بە پۆڵەندی زانیوە و تا بیستەکانی تەمەنی ئینگلیزییەکی باشی نەزانیوە، کۆنراد چەندان ڕۆمان و چیرۆکی نووسیوە و کاریگەری لەسەر چەندان نووسەری دیکە هەبووە لەوانە: دەیڤد هەربەرت لۆرانس، تی.ئێس. ئیلیەت، ماریا دابرۆسکا، ویلیام فۆکنەر، ئێرنست هەمینگوای، ئەندرێ مارلۆ، جۆرج ئۆروێل، گراهام گرین...تاد، باوانی جۆزیف کۆنراد سەر بە چینێکی باڵای خاوەن زەویوزار بوون، لە تەمەنی یازدە ساڵیدا باوکی کۆچی دوایی دەکات، بۆ ماوەیەک لە کراکۆوە دەخرێتەبەر خوێندن، کۆنراد هەر زوو دەگاتە ئەو باوەڕە کە لە پۆڵەندایەکی داگیرکراودا چاوەڕوانی داهاتوویەکی باش بۆ پۆڵەندییەک ناکرێت، لە تەمەنی شازدە ساڵیدا سەرزەمینی باووباپیرانی جێ دەهێڵێت و کار و پیشەی خۆی لەنێو دەریاو دەریاوانیدا چڕ دەکاتەوە، بە تایبەتی لە بواری بازرگانی دەریاوانی فەڕەنسیدا، بەرەو ڕۆژئاوای هیندستان دەڕوات و بە قاچاخ چەک و تەقەمەنی بۆ یاخیبووەکانی ئیسپانیا دەهێنێت و بەو هۆیەشەوە دەکەوێتە ژێر قەرز و هەوڵی خۆکوشتن دەدات، بەڵام سەرناگرێت، دواتر لە هێزی دەریایی بەریتانیدا دەبێتە ئەفسەری پلە یەک، پاشانیش بە کاپتن و بەرەو ئوستراڵیا و یۆرنیۆ دەڕوات و لە تێکشکانی کەشتییەکەی ڕزگاری دەبێت، ساڵی ١٨٩٠ بە گرێبەست دەبێتە کاپتن لە کەشتییەکی هەڵمینی ڕووباری کۆنگۆدا، ئەو شەش مانگەی لە ئەفەریقا دەیباتەسەر دەبێتە هۆی بێ ئومێدی و خراپبوونی باری تەندروستی، هەر ئەو زنجیرە ڕووداوە دەبێتە بنەمای

شاکارەکەی کۆنراد واتە «دڵی تاریکی» کۆنراد لە ساڵی ١٩٢٤ لە تەمەنی شەست و سێ ساڵیدا لەسەر کورسییەکەی خۆی کۆچی دوایی دەکات. ئەم زانیارییەی دەربارەی ژیانی «جۆزیف کۆنراد» لە نووسینێکی «یاسین محەمەد»ی وەرگێڕی کوردی وەرگیراوە، کە وەک پێشەکییەکی بێ ناوونیشان لەگەڵ دەقی ڕۆمانەکەدا بڵاوی کردووەتەوە.

دەقی دڵی تاریکی ڕۆمانێکی سیمبۆلی و سایکۆلۆژییە و کۆنراد سوودی لە ئەفسانە و هێزی بەد و شەیتانی «فاوست» و جیهانی تێڕامانئامێزی «بوودا» وەرگرتووە، وێڕای هێزی ئەو هەست و دڵەڕاوکێ و بوونگەرایییەی لە ئەتمۆسفێری تێکستدا دەگەڕێت، ئێستا بەشێک لە بۆچوونەکانی «فرانکلین واڵکەر» دەگوێزمەوە کە پێی وایە هەندێک ڕووداوی ژیانی تایبەتی کۆنراد لە ڕۆمانەکەدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نموونە تاوان و هەڵاتنەکەی «لێگات» لەسەر ئەزموونی هاوەڵێک بنیاد نراوە کە ناوی «سیدنی سمیس»ـە، ئەو پیاوێکی یاخی دەکوژێت و لە لایەن گەورەکەیەوە بواری بۆ خۆش دەکرێت تا هەڵبێت، لێگات وەک هەوڵێک بۆ بەرگری لەخۆ کردن و پاراستنی کەشتییەکە بەناچاری کەسێک دەکوژێت، بۆیە لای کۆنراد لە چیرۆکەکەدا وەک مرۆڤێکی میهرەبان دەردەکەوێت گوایە پیاوێکی بە لەنگەر هەڵکردنی کەشتییەکە کوشتووە، «فرانکلین واڵکەر» پێی وایە ئەم ڕەفتارەی لێگات چەندان شرۆڤەی ئاکاری و سایکۆلۆجی بۆ کراوە، چونکە کاپتنە لاوەکە داکۆکی لە لێگات دەکات و پێگەکەی بە شایستە دەزانێت.

فرانکلین لەم نووسینەدا بە دوورودرێژی لە ژیانی «جۆزیف کۆنراد» و دنیای کەشتیڕانی و کۆنگۆ و دڵی تاریکی دەدوێت، کۆنراد شەش مانگ لە کیشوەری ڕەش و لە کۆنگۆ ژیاوە و لەوێ تووشی نەخۆشی بووە. کۆنراد ئەو بابەتە ماتەمئامێزەی «دڵ تاریکی» لە سەدایەکی شەڕانگێزدا دەگەیەنێت و ئەو سەدایە بەردەوام دەلەرێتەوە، هەروەک ئەوەی تی.ئێس. ئیلیەت باسی دەکات، فرانکلین پێی وایە کۆنراد بە پێچەوانەی کیپلینگەوە هێرش دەکاتە سەر ئیمپریالیزم و سەرمایەداری بەهۆی لیۆپۆلدی دووەمەوە لە کۆنگۆ دزێوترین شێوەی داگیرکاری هەبووە.

کۆنراد لە شوێنێکدا دەنووسێت، بەسەرهاتی کۆنگۆ دزێوترین هەوڵی ڕاووڕووتە کە تا ئێستا مێژووی ویژدانی مرۆڤایەتی و دۆزینەوەی جوگرافیایی شێواندبێت، ئەمەش هەم لە شکستی کۆرتزدا دەردەکەوێت، هەم لە مەترسی دەرپەڕاندنی دانیشتوانی ڕەسەنی ئەو ناوچانە، هەندێک لە شرۆڤەکاران پێداگری لەسەر ڕۆڵی کاریگەری حیکایەتخوانەکە، واتە «مارلۆ» دەکەن، مارلۆ کۆنراد خۆی بووە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەویش کارەکتەرێکە بۆ خۆی «فرانکلین» دەڵێت هەنووکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت کە مارلۆ کارەکتەری سەرەکییە نەک کورتز، لە ڕێی دەسپێکێکی دژوار و گەڕان بەدوای خوددا دڵی تاریکیش دەربارەی کامڵبوونی ئەو دەدوێت، بەم جۆرە پێی وایە گەشتەکەی مارلۆ ڕۆچوونە بۆ نێو دۆزەخ، پرسیارە سەرەکییەکەش ئەوەیە ئاخۆ کۆنراد کاریگەری داستانەکانی ڤیرجیل، دانتی و ئۆرفیۆسی لەسەر بووە؟ شرۆڤەکارانی کتێبی پیرۆز ئەوە دەخەنە ڕوو، کە چیرۆکەکە ڕەنگدانەوەی ئەفسانەی پاییزە، کورتز لە «عەدن» دەکرێتە دەرەوە، کورتز هەمان ئەو شەیتانەی مەسیحە و چیرۆکەکە سەرلەنوێ شێوە گێڕانەوەیەکی «هەفتەی سۆز»ـە، ئەوەش دەخاتەڕوو کە کۆنراد بەردەوام گرنگی بە کاریگەری خەیاڵ داوە، هەروەک لە «لۆردجیم»دا دەنووسێت.. کەسانی خەیاڵپڵاو بە هەموو ئاراستەیەکدا دەجووڵێن وەک ئەوەی لەو لەنگەرە دژوارەی ژیاندا بوارێکی فراوانتریان پێ درابێت، هاوکات فرانکلین لە چەندان لایەنی کەسایەتی کورتز دەدوێت.

ئێستا لە پاشبەندەکەی وەرگێڕی کوردی بەشێک لە بیروبۆچوونەکان دەخەمەڕوو، سەرەتا وەرگێڕی کوردی لە چۆنیەتی وەرگێڕانی ئەم ڕۆمانە هێماگەرییە دەدوێت و باس لە کۆمەڵێک ئاستەنگ و ئارێشە و ئاڵۆزی زمانی دەکات و پێی وایە دەکرێت هزری سادە بە زمانی ئاڵۆز دەرببڕێت و بەو پێیەی ئەو ڕووداوانەی بەسەر مارلۆدا هاتوون، هاوشێوەی پێچاوپێچ و جەنگەڵەکان پڕن لە نادیار و ڕووی شاراوە جەخت لەوە دەکات کە ئەم ڕۆمانە، تۆمارێکی باشی ڕووداو و کارەکتەرەکانی ئەو سەردەمەیە کە چۆن ئیمپریالیزم تۆوی دووبەرەکی و ناکۆکی لەنێو دانشتوانە ڕەسەنەکاندا دەچێنێت و تەفرەیان دەدات بەگژ یەکترا بچنەوە، هەروەها لە ڕووی زمانی «کۆنراد»ـەوە دەڵێت: زمانی سێیەمی کۆنراد واتە ئینگلیزی کە ئەم تێکستە و تێکستەکانی دیکەشی پێ نووسیوە، لەژێر کاریگەری زمانی یەکەم و دووەمدا بووە، واتە پۆڵەندی و فەڕەنسییەکەی، هەر ئەوەش وای کردووە ئینگلیزییەکەی ئاسایی نەبێت.

وەرگێڕی کوردی بە دوورودرێژی لە ئامانجی داگیرکەر و ئیمپریالیزم دەدوێت، هەروەها چەمکی داگیرکاری و شارستانیەت شی دەکاتەوە و لە

زمانی مارلۆوە پێی وایە مرۆڤی خۆرئاوایی لەژێر دەمامکی شارستانیدا دڕندەیی خۆی شاردووەتەوە، پاشان دەڵێت: پێدەچێت کۆنراد دوای ئەوەی شایەتحاڵی مامەڵەی دڵڕەقانە و گەندەڵی کۆمپانیا ئەوروپییەکان بووە، بە تایبەتی لەو ناوچانەدا ئیدی لە ئیمپریالیزم هیوا بڕاو بووبێت، هەروەها ئاماژە بە گوفتارێکی ڕۆماننووسی نێجیری «چینوا ئەچێبی» دەدا کە «جۆزیف کۆنراد»ی بە ڕەگەزپەرست تۆمەتبار کردووە و لە وتارێکدا ساڵی ١٩٧٥ بە ناوونیشانی وێنەیەک لە ئەفەریقا، ڕاسیزم لە دڵی تاریکی جۆزیف کۆنراددا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کۆنراد ئەفەریقای وەک جیهانێکی دیکە و دژ بەرێک لە بەرانبەر ئەوروپا وێنا کردووە. ئەوروپای بە ڕەمزی پێشکەوتن و شارستانی و ڕووناکی و ئەفەریقای بە ڕەمزی دواکەوتن و وەحشیگەری و تاریکی داناوە. لە کۆتاییدا وەرگێڕی کوردی دەڵێت: ماوەتەوە بڵێم شەش مانگێک سەرقاڵی وەرگێڕانی ئەم کتێبە و خوێندنەوەی سەدان لاپەڕە لەسەر کۆنراد و دڵی تاریکی بووم.

ئێستا هێدی هێدی ڕووەو جیهانی ئاڵۆز و هێماگەری ڕۆمانی «دڵی تاریکی» شۆڕ دەبینەوە و ماوەیەک لەگەڵ گێڕانەوەکانی «مارلۆ»ی کارەکتەر و حیکایەتخوانی دەقی دڵی تاریکیدا دەژین، مارلۆ لەنێو کەشتییە چاورۆکەدارەکەی «نێللی»دا کە لە ڕووباری «تایمز»دا لەنگەری خستووە، سەرگوزشتەی گەشتەکەی بۆ کۆنگۆ و سەرکەشییەکانی لە ڕووباری کۆنگۆدا بۆ هاوەڵەکانی دەگێڕێتەوە، هاوکات تا دێت ڕەوشی تەم و تاریکی باڵی بەسەر ئەتمۆسفێری دەق و کەشی ڕووباری تایمزدا دەکێشێت.

مارلۆی حیکایەتخوان جار جارە بێدەنگی دایدەگرێت و بۆ ماوەیەکی کورت بوار بۆ کارەکتەرەکانی تر دەڕەخسێنێت تا بۆچوون و دنیابینی خۆیان بخەڕوو، یان جۆرێک لە دیالۆگ بسازێنن، دواتر هەمیسان تێهەڵدەچێتەوە و یادەوەرییەکان دەگێڕێتەوە، هەڵبەتە زۆربەی توێژەران لەسەر ئەمە هاوڕان کە «چارلی مارلۆ» گوزارشت لە کەسایەتی جۆزیف کۆنراد دەکات، یان بە شێوەیەکی تر مارلۆ هەمان کەسایەتی کۆنرادە و سەرچڵییەکانی خۆی لە جیهانی دەریا و دەریاوانیدا دەگێڕێتەوە، دەشێت کولتووره فرە ڕەنگییەکەی جۆزیف کۆنراد کە لە پۆڵەندا لە دایک بووە و لە فەڕەنسا پەروەردە کراوە و دواتر لە بەریتانیا ڕەگەزنامەی وەرگرتووە و بە زمانی ئینگلیزی دووچاری جیهانی نووسین هاتووە، دەشێت ئەم حاڵەتە وەک باکگراوندێک لە ئەتمۆسفێری دەقدا ڕەنگی دابێتەوە، دڵی تاریکی ئەگەرچی دەقێکی هێماییینە، بەڵام تێیدا بایەخێکی زۆر بە لایەنی وەسفگەرایی و دیمەن و گرتە و وێنەی شیعری دراوە، سروشت بە سەرجەم پێکهاتەکانییەوە بە جوانی و توندوتیژییەوە لە ڕووباری کۆنگۆ و دڵی تاریکی جەنگەڵەکاندا دەردەکەوێت.

مارلۆ لە ڕێگەی کۆمپانیایەکی بەلجیکی هەم بۆ کار ڕوودەکاتە بواری کەشتیڕانی و کیشوەری ئەفریقا و ڕووباری کۆنگۆ هەم بە ئامانجی فریاکەوتنی مستەر: «کورتز»ی سەرۆکی وێستگەی ناوەکی، هەڵبەتە خوێنەر لە دەسپێکی نووسینەوە وەک شەیدایەک لە چاوەڕوانی دەرکەوتنی «کورتز»ـە، کورتز چەشنی کارەکتەرێکی تارماییئامێز «شەبەحی» مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، دوای خوێندنەوەی چەندان بەشی ڕۆمانەکە، ئینجا بەشێوەی نەخۆشێکی تووشبوو بە فۆبیا و هیستیریا دەردەکەوێت، لە ڕوویەکی دیکەوە دەتوانم بڵێم، جۆزیف کۆنراد لە ڕێگەی کارەکتەر و کەسایەتی «مارلۆ»وە هزر و بۆچوون و دنیابینییەکانی دەردەبڕێت کە زۆرتر هەڵگری ڕوانینێکی بوونگەراییە، ڕوانین و کەڵکەڵەیەکی بوونگەرایی سەبارەت بە بوونی مرۆڤ و جیهان و کۆمەڵگای مۆدێرن و نەریتی، ئەمە وێڕای شۆڕبوونەوەی کۆنراد بۆ نێو خودی کارەکتەرەکان و خستنەڕووی لایەنە سایکۆلۆژییەکان، دواتر ئەم کەڵکەڵە بوونگەراییە لای «کورتز»یش دەردەکەوێت، کاتێک بە وشەی «تۆقین.. تۆقین» ڕوانینەکانی دەردەبڕێت، بەڵام مارلۆ لە گێڕانەوەکانیدا ڕوحی ڕابوردوو دەورووژێنێت و بە وردی لە جیهانی کەشتی و ڕووبار و کەشتیڕانی دەدوێت، جۆری گەشتەکان دیاری دەکات، گەشتی دەریایی، بە کەشتی شاهانە و سەرکەشی کۆچبەران و ڕۆڵی کاپتن و فەرماندە دەریاییەکان و گەندەخۆرەکانی تاریکی و سەر بازرگانی خۆرهەڵات، [ڕاوچیانی زێڕ و عەودالانی ناوبانگ هەموو بەو تەوژمەدا گوزەریان دەکرد و شمشێر و مەشخەڵیان لەگەڵ خۆیان هەڵگرتبوو].. گەشتێکە بەرەو کیشوەری ڕەش، ئەگەر ئامانجە ڕوون و ئاشکراکەی ئەم گەشتە ترسناکە دۆزینەوە و بڵاوکردنەوەی هزری مۆدێرن و شارستانییەت بووبێت، ئەوە ئامانجە شاراوەکەی داگیرکاری و دۆزینەوە و بازرگانی و گەڕانە بەدوای «عاج»دا، بەڵام کاتێ مارلۆ لە ڕەوشی دەریا و پیاوانی دەریا دەدوێت، دەق بە شێوازێکی ئاماژەیی جیهانی دەریاوانی ڕۆمانی «موبی دیک»ی هێرمان ملڤیل «١٨١٩-

١٨٩١»مان بیر دەخاتەوە دنیای ترسناکی دەریا و نەهەنگ و تێڕامانەکانی ئاخاب «ئاهاب» و سرووتەکانی ئیسماعیل و ...تاد.

دەقی دڵی تاریکی زۆرجار بە زمانی درکە و لێکچواندن گوزارشت دەکات «هەموو ماناکەی کەوتبووە نێو توێکڵە گوێزێکی شکاوەوە».. [تەوقی چیرۆکەکە دەدات و ڕاپێچی دەرەوەی دەکات، هەروەک چۆن گەرمی هەڵم بەرەو ڕووی دەرەوە دەبات، هاوشێوەی ئەو خەرمانەیەی کە هەندێک جار وەک تارماییەکی ڕووناک بە دەوری مانگەوە دەبینرێت] زمانی کۆنراد لەم ڕۆمانەدا لەڕووی هێماگەری و تێکەڵکردنی خەیاڵ و حەقیقەت و سەرچڵییەوە لە ئەمۆسفێری «موبی دیک» نزیکە، هەروەها لەلایەنی هێزی ئیمپراتۆریەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکییەوە کە ملڤیل، بە شێوازێکی هێماییێ لە ململانێی نێوان نەهەنگ و مرۆڤ دەدوێت و ئەم کێشە و ململانێیە تراژیدییە بە بوونی مرۆڤەوە پەیوەست دەکات، کۆنراد بە هەمان هێزی هێماگەری و ستایلی میتافۆری لە هێزی ئیمپریالیزمی بەلجیکی و ڕۆڵی کاپتن و بەڕێوەبەری کەشتی دەریایی دەدوێت، بەڵام لای کۆنراد بە تایبەتی لە دەقی دڵی تاریکیدا ڕەنگی ڕەش خاوەن هێمایەکی تایبەتە، دواتر لەم ڕووەوە چەند نموونەیەک دەخەمەڕوو، مارلۆ لە گێڕانەوەکەیدا ئاماژە بە ڕۆمانەکان دەدات کە نۆزدە سەدە بەر لە ئێستا هاتنە سەرزەمینی «گالەکان»، مەبەست لەو سەرزەمینەی نێوان فەڕەنسا و بەلجیکا و ئیتاڵیایە. پێی وایە دوێنێ بەم شوێنەشیان گوتووە سەرزەمینی تاریک، ئەم بۆچوونەی مارلۆ لە بنەڕەتدا پێوەندی بە ململانێی نێوان کۆمەڵگای مۆدێرن و نەریتخوازاییەوە هەیە، مارلۆ ناڕاستەوخۆ لە کۆلۆنیالیست و داگیرکەر و هێزی دڕندە و دەستبەسەرداگرتن و کوشتارگە و تاڵانی و توندوتیژی دەدوێت، هاوکات لە بیروباوەڕ و ئایدیایەکی داخراو دەدوێت، کە هیچ حاڵەتێکی سۆزداری و خودگەرایی تێدا نادۆزرێتەوە و لەسەر هاوشێوەی کاردەکات و دژی هەموو جیاوازییەکانە [داگیرکردنی زەوی ئەوانەی کە ڕوخسارێکی جیاوازیان هەیە، یان لووتێکی وەک ئەوەی ئێمە ڕێکیان نییە] مەبەست لە داگیرکەری سپیپێست و داگیرکردنی کیشوەری ڕەشپێستەکانە.

مارلۆی حیکایەتخوان وەک دەریاوانێکی بوێر و سەرچڵ بەسەرهاتەکانی دەگێڕێتەوە، مارلۆ لە دەورانی منداڵییەوە حەز و خولیای گەشت و دەریاوانی هەبووە، بۆ ماوەی چەندان کاتژمێر سەیری نەخشەی دەکرد، ئەمە ئەمریکای باشوورە، ئەمەش ئەفریقا و ئەویش ئوسترالیایە، بە خۆی دەگوت کە گەورەبووم دەچم بۆ ئەوێ. لای مارلۆ ڕووباری سەر نەخشە لە مارێکی گەورە و درێژ دەکات سەری لەنێو دەریا و لەشی بە سەراپای وڵاتەکەدا کێشاوە، پێم باشە لێرەدا ئاماژە بە ڕۆڵی ئامۆژنی مارلۆ بدەم کە لە سەرەتاوە هانی داوە ڕووی لە دنیای کەشتی و کەشتیڕانی بکات، مارلۆ، یان «کۆنراد» لە سەرتانسەری نووسینەکەدا دووجار ناوی ئامۆژنەکەی دەهێنێت و بەشێوازی ئیستێتیکایەکی شاراوە گوزارشت لە ئەتەکێت و ڕەفتارە شارستانییەکەی دەکات و دوای گەڕانەوەشی ئامۆژنەکەی پێشوازی لێ دەکات- چارلی مارلۆ دەیەوێت لە بواری کەشتیڕانی و لە کۆمپانیا دەریاییەکانی سەر ڕووباری کۆنگۆ وەک کاپتنێک کارێک بدۆزێتەوە. بڕیارە بچێتە شوێنی ئەو کاپتنەی کە لە شەڕ و پێکدادان لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە کوژراوە، شەڕەکە لەسەر دوو مریشکی «ڕەش» هەڵگیرسابوو، فرێسلێڤن هاوڵاتییەکی دانیمارکی بوو کەوتبووە وێزەی زنجییەکی بەساڵاچوو، دوای ئەوەی پیاوە سپیپێستەکە بە ڕمێک دەکوژرێت، خەڵکی ناوچەکەش لە ترسی ئەم کارەساتە ڕوو لە دارستان دەکەن، مارلۆ زۆر بە وردی وەسفی ناوچەکە و کوخی ڕەشپێستەکان دەکات و ئەو دوو ژنەی لەسەر کورسی بنکایی دانیشتوون و خوری «ڕەش»یان دەچنی بۆ ڕووپۆشکردنی تابووتی مردووان، مارلۆ بەر لەوەی پێگەکە وەربگرێت پشکنینی پزیشکی بۆ دەکەن، «بەڕاست کەس لە خانەوادەکەتان شێتی لەگەڵ نییە»، بەڵام تۆ یەکەمین پیاوی ئینگلیزی کە لێرە کەوتبێتیتە ژێر پشکنینەکانمەوە.]

مارلۆ خاوەن کەسایەتییەکی ئاڵۆزە زۆر جار خەیاڵ دەیباتەوە و بەخۆی دەڵێت دەبوایە خواحافیزی لە ئامۆژنی بەڕێزم بکەم، ئەو ڕۆژەی کوپێک چام لەگەڵیدا خواردەوە، لە ژوورێکدا کە پڕ بوو لە بێدەنگی، لای ئاگرەکە بۆ ماوەیەکی زۆر بە ئارامی کەوتینە قسەو باس «لەم وتووێژە نهێنییەدا بۆم ڕوون بووەوە کە من نوێنەرایەتی ژنێکی خانەدان و چاک دەکەم»، «هەر پاش ئەوە، لە ئامێزی گرتم و پێی وتم کە فانیلەیەک لەبەر بکەم، بیرم نەچێت و نامەی بۆ بنێرم، ئیدی بەو جۆرە بەجێم هێشت» مارلۆ لە گەشتەکەیدا بۆ وێستگەکە، یان بۆ ئەوەی بگات بەو کەشتییەی کە بۆی ئامادە کراوە، بە وردی لە ڕووداو و شوێن و شتگەلەکان دەدوێت [بەدرێژایی ئەو ماوەیە گوزەرمان کرد، وەستاین و سەربازەکانمان

دابەزاند و ڕۆیشتین، پاشان فەرمانبەرانی خانەی گومرگیمان داگرت بۆ تۆماری باج لەو ناوچەیەی کە هەر لە چۆڵەوانییەک دەچوو] دەق زۆر بە وردی ڕوو لە وەسفگەرایی دەکات کە پردی تەنەکەی سەربازەکان و سستی دەریا و ماتەمباری کەنارەکان وا لە مارلۆ دەکەن متمانە بە هیچ شتێک نەکات و لەنێو وەهمێکی بێ مانا و مەینەتباردا بژیت.

مارلۆ جار جارە چاوی بە بەلەمێک دەکەوێت لەکەنارەوە دێت و لەلایەن ڕەشپێستەکانەوە هەڵدەسووڕێن و لە دوورەوە سپێنەی چاویان دەبرسکێتەوە و دەقیژێنن و گۆرانی دەڵێن، مارلۆ هەست دەکات ڕەشپێستەکان لە تەک جەنگەڵە چڕەکاندا بە برست و خۆشحاڵن، مارلۆ چاوی بە کەشتییەکی جەنگی دەکەوێت لە کەنارەکەدا لەنگەری خستووە، دیارە ئاسەواری لەشکری دەریایی فەڕەنسییەکانە، مارلۆ بە وردی لە چۆنیەتی گەشتەکەی دەدوێت و لەپێناو گەیشتنی بەشوێنی کارەکەی و دەستبەرکاربوونی، بە کەشتییەکی هەڵمینی بچووک کە کاپتنەکەی پیاوێکی سوێدییە گەشتەکە دەکەن لە ڕێگادا چاویان بە پیاوێک دەکەوێت ئەویش سوێدییە و خۆی هەڵواسیوە، لێرەدا دەق بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە نیگەرانی و وەڕسی و نائومێدی تاکەکەسی خۆرئاوایی دەدوێت کە لە ڕێگای کۆمپانیا دەریاییەکانەوە ڕوو لە کیشوەری ئەفریقا دەکەن لە پێناو کار و بژێوی و لەوێدا دووچاری خەمۆکی و دڵتەنگی دێن و خۆکوژی ئەنجام دەدەن، واتە لە کیشوەری ڕەشدا دووچاری ڕەشبینی دێن، لەم خوێندنەوەیەدا هەوڵ دەدەم جار جار هەندێک دیمەنی ناوازە بخەمە بەرچاو، لەوێ لە نزیک وێستگەو بەندەرەکە چاویان بە دانیشتوانێک دەکەوێت کە زۆربەیان ڕەشپێستن و ڕووت و قووت چەشنی مێروولە هاتوچۆ دەکەن، دیمەنی سەربازگە و وێستگەی کۆمپانیاکە، کە ڕەنایەک لێدەدەرێت و ڕەشپێستەکان ڕادەکەن و تەقینەوەیەک زەوییەکە دەلەرزێنێتەوە، سەرقاڵی دروستکردنی ڕێگەی ئاسنین، ڕەشپێستەکان سەبەتەکانیان ڕادەگرت کە بەسەر سەریانەوە بوون و پڕ بوون لە خۆڵ، پارچە پەڕۆی ڕەشیان بە کەمەریانەوە بەستبوو، هێندە لاواز و بنێس پەراسووەکانیان دەبینرا، هەریەک تەوقێکی ئاسنین لە ملیاندا، هەمووش پێکەوە بە زنجیرێک بەسترابوونەوە، جار جار کەشتییەکی جەنگی، ناوچەکە بۆردوومان دەکات، ڕەشپێستەکان لە شوێنێک گۆشەگیر دەکران تا بمرن، یان وەڕس و برسی دەکران «مارلۆ بە تەنی ڕەش ناویان دەبا، ئەو تەنە لە برسا تۆپیوانە فووت لێبکردنایە با دەیبردن، مارلۆ لەم دەڤەرە پڕ لە مەینەت و نەهامەتییەدا یەکەم کەس کە چاوی پێی دەکەوێت سەرۆکی ژمێریاری کۆمپانیاکەیە، پیاوێکی سپیپێست بەرگێکی کەشخەی لەبەردایە، قژی شانە و چەور کردووە، لەژێر چەترێکی گەورە و سەوزدا وەستاوە. مارلۆ لێرە گوێبیستی ناوی مستەر کورتز دەبێت، مستەر کورتز بریکارێکی پلە یەکەو کەسێکی زۆر گرنگە و ئێستا بەرپرسیاری جۆرێک لە هەناردەی بازرگانییە، کورتز «عاج» هەناردە دەکات، مارلۆ گوێ بۆ لەرەی تەپڵە دوورە دەستەکان هەڵدەخات کە لە جەنگەڵە چڕەکانەوە دێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە مارلۆ چۆن کەشتییە ژێر ئاوکەوتووەکە نۆژەن دەکاتەوە، پێی ڕادەگەیەنێت کە وێستگەیەکی زۆر گرنگ لە مەترسیدایە و سەرۆکەکەشی «مستەر کورتز»ـە، ڕەوشی تەندروستی نالەبارە، من لەم خوێندنەوەیەدا مەبەستم ئەوەیە، لە کەسایەتی ئاڵۆزی کورتز بدوێم، کورتز وێڕای ئەوەی سەرۆکی وێستگەی ناوەکی و بازرگانێکی بەناوبانگی «عاج»ـە، کورتز شێوەکار و موزیکژەن و کەسێکی سادەی و ستەمکارە، هاوکات خاوەن ڕوحێکی فاوستییە، وەک ئەوە وایە پەیمانی لەگەڵ شەیتاندا بەستبێت، کورتز توانیویەتی لە دوورترین سەرزەمینی کیشوەری ڕەشدا نیشتەجێ ببێت و وەک کەسایەتییەکی کاریزمی دەسەڵاتی ڕوحی خۆی بەسەر دانیشتوانە ڕەشپێستەکاندا بسەپێنێت و ملی مرۆڤە یاخی و سەکەشەکان بپەڕێنێت، ڕستێک کەللەسەری ڕەشپێستەکان بەڕووکاری خانووەکەیدا هەڵبواسێت، ئەوی زۆرتر گوێڕایەڵی و کاریگەرە بەهزر و بۆچوونەکانی کورتز، گەنجە ڕووسییە تەمەن ٢٥ ساڵەکەیە، ئەو پیاوە ڕووسییەی کە جلوبەرگی سەدان پینەی ڕەنگاوڕەنگی پێوەیە بەرێکەوت پەڕاگەندەی ئەو کیشوەرە ڕەشە بووە و مورید و شوێنکەوتووی کورتزە، کورتز تەنانەت باسی عیشق و خۆشەویستیشی بۆ کردووە، کورتز لە بنەڕەتدا نمایندەی هزری مۆدێرنیتەیە، دەیەوێت خێڵە سەرەتایی و نەریتپەرست و سوننەتی و وەحشی و مرۆڤخۆرەکان بەرەو شارستانییەت بەرێت، ئەگەر لە دیدی پۆست مۆدێرنەوە سەیری ئەم بابەتە بکەین، هەوڵەکانی کورتزی بازرگانی عاج بە یەکێک لە شکست و مەینەت و تراژیدیاکانی مۆدێرنە لە قەڵەم دەدرێت.

کورتز لە هەمان کاتدا خاوەن کەسایەتییەکی شێت و فۆبیاییە، کەچی توانیویەتی خودی خۆی وەک کەسایەتییەکی پیرۆز بسەپێنێت،

مارلۆ لە وێستگەکە چاوی بە سکێچێکی بچکۆلە دەکەوێت بە زەیت دروست کراوە، وەک تابلۆیەک هەڵواسراوە، پیاوەکە پێی دەڵێت ئەم تابلۆیە مستەر کورتز لێرە ساڵێک لەمەوبەر کێشاویەتی. ڕەنگە فیگەر و دەلالەتی تابلۆکە گوزارشت لە پەیامە شارستانییەکەی کورتز بکەن، وێنەی ژنێکی بەویقار بەرگێکی لەخۆوە پێچاوە و چاویشی بەستووە و مەشخەڵێکی هەڵگرتووە، باکگراوەندێکی ڕەش و خەمهێنەر، ڕووناکی مەشخەڵەکەش لەسەر ڕوخساری گەلێک شووم، پیاوێکیش بە ئەدەبەوە وەستاوە و پەرداخێک شەمپانیای بەدەستەوە گرتووە، دەشێت وێنەی ژنەکە ئاماژە بێت بۆ کەیبانووە جوانەکەی خێڵە وەحشییەکە، دواتر بەشێوەیەکی نەریتئامێز و دلڕفێن دەردەکەوێت.. پێکە شەمپانیاکەش هێمای کۆمەڵگای شارستانییە، کاتێک خشتسازی وێستگە ناوەکییەکە سەبارەت بەکەسایەتی کورتز دەدوێت و مارلۆ گوێی بۆ ڕادەدێرێت، کورتز نوێنەری بەزەیی و زانست و پێشکەوتنە، مەگەر هەر شەیتان بزانێت چیتریشە. دەق کۆمەڵێک ڕووداوی جۆراوجۆر دەورووژێنێت و چەندان کارەکتەری تر دەچنە نێو بازنەی دیالۆگەوە. گوفتارەکانی خشتسازەکە و خودی خراپی ئەسپێکی دەریایی جار جارە لە کەناراوەکە دێتە دەرو زیارەتکارەکان بە ڕووتی دێنە دەر و تەقەی لێ دەکەن، هەندێکیان شەوان بە تفەنگی دەستیانەوە بۆی دادەنیش، مارلۆ حەز دەکات لە ڕێگەی گەشت و کارکردنەوە خودی خۆی بدۆزێتەوە [چۆن لە دیدی خۆتەوە واقیعی خودی خۆتت بۆ دەربکەوێت].. هەروەها تاقمی هەڵمەتی دۆزینەوەی ئێلدۆرادۆ، قسەکانیان لە قسەی چەتە نەگریسەکان دەچوو، ئامانجی ئەم تاقمە دەرهێنانی کانزابوو لە هەناوی ئەو زەمینە، ئەوان دزگەلێک بوون و خزابوونە شوێنێکی پارێزراوەوە، بەم جۆرە دوای نۆژەنکردنەوەی کەشتییە ژێرئاو کەوتووەکە، گەشتەکەی مارلۆ دەست پێدەکات، دوای جێهێشتنی نۆکەندەکە و ڕووە و ڕووباری دوورودرێژی کۆنگۆ و بە ئامانجی گەیشتن بە کورتز و وێستگە ناوەکییەکەی و کەشتییەکەی مارلۆی کاپتن کۆمەڵێک خەڵکی تێدایە بەڕێوەبەر و بازرگان و زیارەتکاران چەکدارن و بەدوای «عاج»دا دەگەڕێت، کەچی لێخوڕی کەشتییەکە پیاوێکی ڕەشپێستە، دەق بەشێوازێکی وەسفگەرایی لە ڕووبار و کەنارەکانی دەدوێت، چۆن گژوگیا زەمینی داگرتووە، درەختە بەرزەکان، خامۆشی دارستانە چڕەکان، چۆن لە کەنارە لمینەکەدا تیمساح و ئەسپەکانی دەریا لە تەنیشت یەک خۆیان دابووە بەرخۆر، کۆتەرە و چقڵەداری نێو ڕووبارەکە، قالۆنچە ڕەشەکانی کەنار، پێشبینی زیارەتکاران و بەرزبوونەوەی هەڵمی بۆرییە هەڵمینەکانی کەشتی و ڕۆچوون بۆ نێو دڵی تاریکی، دەنگی دەهۆڵی خێڵە وەحشییەکان لە پشتەوەی درەختەکان ڕووبارەکەی دەخرۆشاند، ئاگری داربڕەکان، مرۆڤە ڕەشپێستەکان لە دوورەوە دەلوورێنن و قەڵەمباز دەدەن. لێرەدا مارلۆ لەمیانی گێڕانەوەکانیدا دووچاری جۆرێک لە خۆ دواندن دێت و لەبەر خۆیەوە باس لە چەمکی مرۆڤایەتی و مرۆڤی شارستانی و دڕندەیی دەکات، مرۆڤەکان لە بنەڕەتدا پێوەندییەکی خزمایەتی و دووریان لەگەڵ ئەم دڕندە هەڵەوەڕانەدا هەیە، مارلۆ زۆر بە وردی لە چەمکی خۆشی، ترس، خەفەت، دڵسۆزی، دلێری و تووڕەیی دەدوێت.

مارلۆ خەریکی چاودێریکردنی ئاگرەوانەکەی کەشتییە و بەم شێوەیە وەسفی دەکات لە دیدی منەوە هەر دەتوت تووتکە سەگێکە، پانتۆڵی لەپێ کراوە و کڵاوێکی پەڕۆینی لەسەر نراوە، سێ جێی برین لەسەر کولمەکانی ڕازێنرابوونەوە، نووشتەیەکی پاتاڵ کە لە پەڕۆ دروست کرابوو بە باسکییەوە ئاڵاندبوو، پارچە ئێسکێکی بریقەدار بە لێوی خوارەوەیدا، لە ڕێگادا چاویان بە کوخێکی زەل دەکەوێت هێزێکی تێدایە لەگەڵ ڕووتەختێکدا ڕەنگە کوخی مرۆڤێکی سپیپێست بێت و لەگەڵ کتێبێکی بەرگ داماڵراو بەنێوی «ڕۆچوونێک بەنێو هەندێک کەشتیرانیدا، نووسەرەکەی بەناوی تاوسەر، یان تاوسۆن، لەوەیە ئەم کوخەزەلە پێشتر پیاوە ڕووسییەکەی تێدا ژیابێت، ئەوەی لە سەرەتای ئەم نووسینەدا ئاماژەم بۆی کرد، هەڵبەتە کەشییە هەڵمینەکە هەر بەڕێوەیە بەڕێوەبەر و زیارەتکاران، کۆمەڵێک خەڵکی تێدایە و دەڕۆن بەرەو وێستگەکەی کورتز، غەڵبەغەڵب و هاتوهاواری کێوی و مرۆڤخۆرەکان و تیربارانکردنی کەشتییەکە و زیارەتکارەکان بە برنۆکانیان لێیان دێنە وەڵام، مردنی شوفێرە ڕەشپێستەکەی کەشتییەکە، کورتز وێڕای زمانپاراوی و عاجپەرستییەکەی، مرۆڤێکی دوو ڕەگە دایکی نیوە ئینگلیز و باوکی نیوە فەڕەنسی، ئەوروپا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەستیان لە دروستکردنی کەسایەتی کورتزدا هەبووە، کورتز نمایندەی مۆدێرنەیە و دەیەوێت نەریتی وەحشیگەری لەنێو ببات، وەک گوتم ئەم حاڵەتە یەکێکە لە تراژیدیاکانی هزری مۆدێرنیتە، کورتز خۆی بە ڕەگەزێکی باڵا لە قەڵەم دەدا و لەوێ لەنێو ڕەشپێستەکاندا،

شەوی دیۆنیزیۆسی دەخولقاند، لێرەدا مارلۆ و تاقمەکەی چاویان بە پیاوە رووسییە قۆشمەچییەکە دەکەوێت، جلێکی قاوەیی پڕاوپڕ لە پینەی رەنگاورەنگی پۆشیوە قۆز و بێ سمێڵ و رووخسارێکی مندالکارانەی هەیە، ئەم گەنجە یەکێکە لە مورید و شوێنکەوتووانی کورتز، مارلۆ کتێبەکەی تاوسۆنی پێ دەدات، ئەمە تەنیا کتێبێکە کە جێم هێشتووە، وامزانی لە دەستم چووە، دەڵێت کورتز ئەو پیاوەیە کە بیری منی فراوان کردووە، چونکە کورتز پێویستی بە گوێگرێک هەبوو، ئەو بەزمانە پاراوەکەی دەدوا و من گوێم بۆ هەڵدەخست، کورتز زۆرتر ژیانی لە جەنگەڵەکاندا بەسەر دەبرد، کورتز چەندان گوند و دەریاچەی دۆزیوەتەوە، ئەو بەدوای «عاج»دا دەگەڕا، هۆزەکان تاڕادەی پەرستن خۆشیان دەویست، گەنجە رووسییەکە گوتی من بڕێک عاجم هەبوو کورتز ئەویشی لێ سەندمەوە، کورتز کەسایەتییەکی شێت و ئاڵۆزە [ئەو کەللەسەرانەی بەسەر تۆولەکانەوە هەڵپەسێررابوون] سەری کۆمەڵێک یاخی بوون، هەڵبەتە مارلۆ لە سەرەتاوە هەندێک زانیاری دەربارەی کەسایەتی کورتز دەزانێت و ئەم گەشتەشی لەژێر داوا و رێنمایی کۆمپانیایەکی دەریایی و داوای ئامۆژنە بە ئەتەکێتەکەی ئەنجام دەدات، هەروەها کەسایەتی کورتز چەشنی هێماو تارماییەکی لێهاتووە، مارلۆ شەیدای بینینیەتی، سەرەتای دەرکەوتنی تارمایی ژنە وحشییەکی جوان کە بەرگی خەتخەتی ریشوەداری پۆشیوە و بە بریقەی متوومووروەکانییەوە هەنگاو هەڵدێنێت، دەشێ شێوەی ئەم ژنە، پێشبینی کورتز بێت کە لە تابلۆکەدا وێنەی ژنێکی سەلاری خاوەن جوانییەکی دڕندەیی کێشابێت.

کورتز ئێستا لە بارودۆخێکی سەیردایە، تەنیا دەست و قاچەکانی دەجووڵێتەوە، رەنگە شێتیی برستی لێ بڕیبێت و لە ترس و تۆقینێکی هەمیشەییدا دەژیت، گەنجە رووسییەکە بە مارلۆ دەڵێت هەرگیز پیاوی وەک کورتز نادۆزمەوە، ئەو بیری منی فراوان کرد و کورتز شیعر دەنووسێت و دەبێت چاوێک بە یادەوەرییەکانی بخشێنیت و شیعرەکانی بخوێنێتەوە، ئەگەر کورتز خاوەن کەسایەتییەکی ئاڵۆز بێت، ئەوە گەنجە رووسییە جل پینە پینە رەنگاورەنگەکەو ژنە جوانە سەر بەقەبیلە وەحشییەکەش دەکەونە نێو پێوەندییەکی ئاڵۆزەوە، پێویستە خوێنەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم کەسایەتیانە بەشێوازێکی سایکۆلۆژی شی بکاتەوە کاتێ گەنجە رووسییەکە پارچە قوماشێکی رەنگاورەنگ لە عەمبارەکە دەهێنێت ژنە وەحشییەکە پێشی ناخۆشە و دەچێتە لای کورتز گلەیی و گازندە لە کابرا دەکات، واتە کورتز و ئەو ژنە وەحشییە رەنگە پێوەندییەکی ئیستێتیکی و ئیرۆتیکی کۆیان بکاتەوە و کورتز دەیەوێت ئەم ئافرەتە کێوی و جوانە بەرەو شارستانیەت بەریت وەک لە تابلۆکەی کورتزدا دیارە پێکێک شامپانیای پێشکەش دەکات، پاشان کورتز لەوێ لە کیشوەری رەشدا وەک گۆشەگیرێک دەژیت، هەڵبەتە هێرشەکەی پیاوە وەحشییەکان بۆ سەر کەشتییە هەڵمینەکەی مارلۆ بەفرمانی کورتزەوە بووە، چونکە کورتز نایەوێت بگەڕێتەوە ئەوروپا لەبەر ئەوەی پێی وایە ترس و تۆقین باڵی بەسەر سەرجەم کۆمەڵگاکاندا کێشاوە، بە کۆمەڵگای سەرەتایی و مۆدێرنەوە، کورتز لە ترس و تەنیاییەکی سەیردا دەژیا، ئەو لەسەرەتاوە رۆحێکی شێتانەی هەبوو، کورتز چەند جارێک بۆ مارلۆ دەردەکەوێت پێی وایە لە خەوێکی ترسناکدایە، جووڵەکانی سەیرن کاتێ دەیقیژاند رەشپێستەکان بۆیان دەسەندەوە، ئەو لە پووچی و تاریکی دەدوا، رەوشی بوون بریتییە لە بژی و بمرە، ژیان لە پێناو هیچدا، کورتز مرد و تەرمەکەیان گەڕاندەوە ، نیگاری کچێک و رستێک وێنە و بەندێک پەڕە و یادەوەرییەکانی ڕادەستی مارلۆ کرد، بەڵام مارلۆش کە لە بنەڕەتدا جۆزیف کۆنراد خۆیەتی، هەمان هزر و بۆچوونی نیهیلستی و بوونگەرایی کورتزی لا گەڵاڵە بووە، من لەم خوێندنەوەیەدا هەوڵم داوە بەشێک لە رووداوەکانی دنیای کەشتیرانی و گەشتەکەی مارلۆ رووەو رووباری کۆنگۆ بخەمە بەر دیدەی خوێنەران، هەروەها ئاماژەکانی تابلۆکەی کورتز شی بکەمەوە، کورتز وێڕای ستەمکاری و عاجپەرستی و سادییەت و ئەو رۆحە شەیتانییەی توانیویەتی لەنێو خێڵە وەحشییەکانی رەشپێستەکاندا وەک سپیپێستێکی پیرۆز بمێنێتەوە، دەشێت هێزی ئەم پیرۆزگەراییە لە بیروبۆچوون و هەڵسوکەوتی کورتزەوە سەرچاوەی گرتبێت و وای لە کۆیلەکانی کردبێت بە ڕادەی پەرستن خۆشیان بوێت.

**سەرچاوە:**
**دڵی تاریکی**
**بابەت: رۆمان**
**نووسینی: جۆزیف کۆنراد**
**یاسین محەمەد لە ئینگلیزییەوە کردوویە به کوردی**
**چاپی یەکەم: ٢٠١٥**
**چاپخانە: تاران**
**لە زنجیرەی بڵاوکراوەکانی غەزەلنووس.**